کورد دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١

د. بورهان یاسین

هەروەك دەزانرێ هێرشی تێرۆرسیستانە بۆ سەر دڵی ئابوریو سەربازیی گەورەترین هێزی دونیا لە نیویۆرکو واشنتۆن رووداوێکی بەمانای وشە مێژوویی و هەڵتەکێنەر بوو. گرنگی رووداوەکە زیاتر لەوەدایە کە کۆمەڵێ ئاکامی زۆر گرنگی لێکەوتەوە وەهەندێ ئاکامی تریش چاوەڕوانکراون کە لەمەدای مامناوەندی مەدای دوور دەردەکەون.

ئاشکرایە کە هەر زوو عێراق لکێنرا بەرووداوەکەوە بەم مانایە، وەبەتایبەتی لەدیدێکی کوردستانیەوە، جارێکی تر لەماوەی ١١ ساڵیدا عێراق، کەسەرێکی ئەو سێگۆشەی غەزەبەیە کە تەوقێکی جیوپولیتکی لەدەوری کوردستان پێکدەهێنێ وەبەشێکی کوردستانیش کەوتۆتە ژێر رکێفێیەوە، بووە ئامانجی سەرەکی ئەمریکا تێکشکانی سەربازیی ئەم سەری سێگۆشەیە (واتە عێراق) لەشەڕێکی ناهاوسەنگدا لە ١٩٩٢و بەدواشیدا راپەڕینو کۆچەڕەوی خەڵکی باشوری کوردستان دەرگایەکی مێژوویی لەبەرامبەر کورد کردەوە کە بەڕادەی یەکەم وەکو دەرفەتێك بۆ کورد، باشوری کوردستان تەواو بوو. داگیر کردنی کوەیتو لێدانی عێراق کۆڵێ پرسی ستراتیژی کۆنی لای ئەمریکیەکان، کە تازە ببووە تاکە زڵهێزی مەیدانی نێو نەتەوەیی، نوێکردەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ پرسی ستراتیژی تازە، زۆربە کورتی ئەم بارە تازەیە، عێراقی کرد بە تووخمو ئیمتیحانی هەرە گرنگ بۆ ئەمریکا کەلەسەرەتای (١٩٩٠)کانەوە هەوڵی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی داوە کەتیایدا خۆی بڕیاردەرو "پۆلیسی جیهانی" بێ.

لەماوەی دوانزەساڵی رابردوودا ئەمریکا توانایەکی زۆری سەرف کردەوە بۆ ئەوەی لە(ئیمتیحان)ی عێراق بەسەرکەوتوویی دەربچێ وەلەم دەرچوونەشدا نەك هەر بەرژەوەندییەکانی کاتی ئەمریکا مسۆگەر بکرێت، بەڵکو ستراتیژە دوورەکانیشی بپارێزن لەساڵانی دواییدا دیاربوو رۆژ لەدوای رۆژ ئەمریکا سیاستەکەی بەرامبەر عێراق کۆسپی دەهاتە رێگا.. ئا لەم کاتەدا بوو کە بارودۆخە کە پێویستی بە هەژاندنو هەڵتەکانێکی جیهانی بووە، بێگومان ١١ی سێپتیمبەر ئەو رووداوە هەڵتەکێنەر بوو کە سەر لەنوێ عێراقی کرد بە پرسی ژمارەیەك دوای پرسی رێکخراوی (القاعیدة)و ئەفغانستان.

هەر لێرەوە کوردو رۆڵی کورد لەباشوری کوردستان سەرلەنوێ بەتوندی دەرکەوت بەرۆشنایی گرنگیپێدان. دیارە ئەم گرنگیپێدانەش زیاتر بەستراوە بەمەسەلەی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژی عێراق وەجێگەی کورد لەو پەیوەندییەدا وەهەروەها ئەو سیناریۆیانەی کە بۆ دوا رۆژی عێراق باسیان لێوە دەکرێ وە یان ئەو پلانانەی لەم بارەیەوە دادە رێژرێن.

لەم وتاردا هەوڵدەدەم کەوا تیشك بخەمە سەر هەندێ لە لایانانەی کە کورد پەیوەندیدار دەکەن لەرەوتی پێشوو چوونەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ هەر زوو دوای رووداوەکانی نیویۆرکو واشنتۆن بەر لەساڵێك ئیدارەی ئەمریکی بەتوندی مەسەلەی بەستنەوەی تیرۆریزم بەچەکی کۆمەڵکوژی خستە ناو چەقی باسو خواس. هەڵبەتە لێرەدا هەر زوو ئیحتیمالی ئەوەی عێراق ببێتە سەرچاوەی بەکار بردنی چەکی کۆمەڵکوژ چاج راستەوخۆ یا بەرێگە دانی ئەم چەکە بەتیرۆریستان بەپێی ئەم شێوە تێروانینە عێراق دەبووە ئامانجی سیاسەتێکی تازەی ئیدارەی ئەمریکی ئەویش بریتی بوو لەسەر خستنی سیاسەتی تەنگ پێهەڵچنین بۆ سیاسەتی رووخاندنی رژێم. بەم شێوەیە دەمەتەقێیەکی گەرم هاتە گۆڕێ دەربارەی شێوەی رووخاندنی رژێم، هەر لەمۆدێلی ئەفغانستان تا زۆر شێوەی تری کار بۆگەیشتن بەم ئامانجە. دیارە لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە سیناریۆکانی رووخاندنی عێراق دەکرێت بەدوو بەشەوە: بەشێکیان پەیوەندیدارە بەچۆنێتی سەرخستنی ئۆپەراسیۆنێك بۆ خستنی رژێمی عێراق وەبەشەکەی تریشیان پەیوەندی بەدوارۆژی عێراقەوە هەیە.

لەتێڕوانینێکی گشتی سیناریۆکانی رووخاندنو دوارۆژی هەرزوو دەرکەوتوە کە بەلای خەڵکی باشوری کوردستانو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو هێزە ئیقلیمیەکان، مەسەلەی دوارۆژی عێراق و ئەو ئاکامانەی لەکەوتنی رژێم دەکەونەوە گرنگترن لەخودی مەسەلەی خستنی رژێم. لێرەدا گرنگە ئەوە بگوترێت کە رۆڵی کورد لەباشوری کوردستان چ پەیوەندی لەگەڵ سیناریۆکانی رووخاندن وچ پەیوەندی لەگەڵ دوارۆژی عێرق وەبگرە ئەخشەیەکی سیاسی نوێی رۆژ هەڵاتی ناوەراست، زۆر گرنگ خۆی نواندووە. دیارە کورد خۆیو ئۆپۆزسیۆنی عێراقو هێزە ئیقلیمیەکانو ئەمریکا لەماوەی ساڵی رابردوودا هەڵسو کەوتیان لەگەڵ حاڵەتی باشووری کوردستاندا کردووە لەرۆشنایی ئەو رۆڵە گرنگو بەرچاوە. ئەوەی کە پەیوەندی بەهەڵسو کەوتی هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستانەوە هەیە، تێبینی دەکرێت کەبەتایبەتی (پ.د.ك وە ی.ن.ك) لەساڵی رابردوودا لەجموجۆڵی بەردەوامدا بوونە لەزۆر تەوەری سیاسیو دیبلۆماسی جیاجیادا.. لەم شتانەی کە هەرە بەرچاوون شەڕی (ی.ن.ك) بەپشتگیری (پ.د.ك) بەرانبەر بەهەندێ هێزی ئیسلامی کە کەم یا زۆر پەیوەندی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ هەبێ بە (القاعیدە)و رژێمی تاڵیبان، هەرچەندە ئەم پێکدادانە دەکرێ وەکو بەردەوامی رۆڵی هێزە ئیسلامیەکان لەباشوری کوردستان ببینرێ، بەڵام لای تریشی ئەوەیە کە (ی.ن.ك) خوازیاربوو کە هەواو کەشی دوای ١١ی سێپتەمبەر بقۆزێتەوە بۆ تەسفیە حیساب لەگەڵ ئەوهێزانەداو ئیشارەتێکیش بنێرێ بۆ ئەمریکا لەچوارچێوەی شەڕ دژی تیرۆریزم.. بەڵام بەباوەڕی من (ی.ن.ك) نەلەبەردو رووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئیسلامیە توندڕەوەکان سەرکەوتووە وەنە لەناردنی ئیشارەتی دبلۆماسی کە مەبەست تیایدا زیاتر وروژاندنی گرنگی پێدانی ئەمریکیەکانە بەمەسەلەکە. هۆی هەرە گرنگی ئەمەش بە بۆچوونی من ئەوەیە کە لەبەرئەوەی (ی.ن.ك) لەهاوپەیمانیەکی ئیقلیمیدایە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، چونکە ئەم هێزە ئیسلامیانەش پشت ئەستوورن بە هاوکاری ئێران، تەنها لەمەودایەکی زۆر سنوردار کراودا (ی.ن.ك) دەتوانێ جەنگەکە بەسەر کەوتوانە بەرامبەر بەتوندڕەوەکان بباتە سەر.

هەمان هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ ئێراندا وای کردووە کە (ی.ن.ك) نەتوانێ لەئیشارەتەکانیدا بۆ دەرەوە بەتایبەت بەڕووی ئەمریکادا بەئاشکرا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە ئەم هێزە ئیسلامیانە لەئێرانەوە پشتگیریان دەکرێ وە بەبێ ئەم پشتگیرییە لەناو بردنیان ئاسانە. ئەگەر نا (ی.ن.ك) بەهەزاران پێشمەرگەو (حکومەتێکی ئیقلیمی)و ئەزمونێکی زۆر لەشەڕدا بۆ نەتوانێ هێزێکی چەند سەد کەسی مەجبور بکات کە کوردستانی باشور بەجێ بهێڵن یا دەست لەدوژمنکاریو توندڕەوی هەڵگرن! لەرووی هەڵسوکەوتی کوردەوە، مەسەلەی وتاری سیاسی گرنگە، بەتایبەت ئەو وتارەی کە دەخوازێ بەجیهانی دەرەوە رابگەیەنێ کە کورد چی دەخوازێ. دیارە لەم بارەیەوە بۆهەمووان روونە کە پەڕلەمانی کوردستان (پەرلەمانی ئیقلیمی کوردستان) بەر لەنزیکەی دەساڵ فیدراڵی راگەیاند. بەڵام ئەمڕۆ دوای دەساڵ لەخۆ ئیدارەکردن زیادبوونی عەتفو پشتگیری بۆ کوردو هەژانێکی دیکەی جیهانییەوە کەجارێکی تر کورد کەوتەوە چەقی باسو ڕوداوەکانو.. هتد، کورد لەباکوری کوردستان هەر پابەندی بڕیاری فیدراڵی (١٩٩٢)ن هەڵبەتە پرۆژەکەی (پ.د.ك) هی دەستورێکی دوارۆژ بۆ عێراق کە تیادا فیدراڵی جیگەیەکی بەرچاوی هەیە دەتوانین وەکو نوێکردنەوەی پابەند بوون بەبڕیاری (١٩٩٢)وە تەماشا بکەین هەروەها وەکو هەوڵێك بۆ خەملاندنی خیتابی کورد بەپەیوەندی بەدوا رۆژی عێراق.

بەبۆچوونی خۆم کاتی ئەوە هاتووە کە چۆن بەپێی بڕیاری (١٩٩٢) پەرلەمانی کوردستان ئۆتۆنۆمی چووە مێژووەوە، هەروەهاش پێویستە ئەمڕۆ بەجدی بیر لەبڕیارێك بکرێتەوە کە فیدراڵیش بخاتە مەسەلەی مێژووەو بڕیار پێبنێتە هەڵبژاردنی ئەلتەرنەتیڤێکیتر. لێرەدا دەخوازم ئەم بۆ چوونەو وەلەسەر بنچینەی پێشینی خاڵە لاوازەکانی فیدراڵی بەشێوەی چەند خاڵێك بخەمە روو:

١ـ دەیان ساڵە کورد لەباشوری کوردستان ناوی جولاڵەوەکەی خۆی ناوە تازادیخواز، بەڵام نەئۆتۆنۆمیو نەفیدراڵی نابنە مسۆگەر کەری تازادی، لە باشترین حاڵەتدا تازادییەکی نیوەچڵ یا تازادییەکی پابەند، وەژیان لەژێر رەحمەتی زۆرینەی عەرەبی لە عێراق دەمێنێتەوە. کورد لەتەواوی عێراق، لە باشترین حاڵەتدا، ٠/٢٥ دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێ هیچ کاتێك ناتوانێ کە خۆی لەسەر (٠/٧٠) کەی تر فەرزبکات رێگەی بڕیارێك بگرێ کە پەرلەمانی فیدراڵی دەیدات.

٢ـ کورد بە (هاولاتی) دەرەجە دوو دەمێنێتەوە چونکە دەبێ زوبانی عەرەبی بزانێ، چونکە رەسمیە. ئەگەر یەکسانیو ئەگەر تازادییە دەستهاتووەو ئەگەر دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی داهاتووش پرۆژەیەکی رەگەز پەرست نیە بەرانبەر بەکورد لێگەڕێ باکورد هیچ زوبانی تری لەسەر فەرز نەکرێ؛ لەچوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا کورد خاوەنی هێزی سەربازی خۆی نیەو بەم پێیەش هەر رۆژێك لەتاکامی گۆڕاندا بۆغوونە، کودەتایەکی سەربازیدا کورد فیدراڵیەکەی لێدەسەندرێتەوە، بەگشتی فیدراڵیو ئۆتۆنۆمی جیاوازیەکی زۆریان نیە بگرە لە عێراقێکدا کە قەت سیستەمی دیموکراسی بەخۆوە نەدیوە فیدراڵی ناتوانێ ببێتە زامنی مافەکانی کورد.

٣ـ باشتر وایە کە هەرزوو بۆ خەڵکی روون بێتەوە کە راستە سیستەمی دیموکراسی موناسیب ترین سیستەمە وە پێویستە خەباتی بۆ بکرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەمەش روون بکرێتەوە کە کورد بە تەنیا ناتوانێ دیموکراسی بۆ عێراق بەدەستبێنێ، ئەمە مانای وانیە لەعێراقی عەرەبیدا دیموکراسیخواز نیە، بەڵێ هەن، بەڵام لەهەشتا ساڵ زیاتر لەعێراق دیموکراسیخوازەکان فێری ئەوەیان نەکردووە کە سیستەمێکی دیموکراسی بەدەستبهێنین. کورد لە باشوری کوردستان هەشتا ساڵە چاوەڕێی سیستەمێکی دیموکراسیە وە ٥٠ ساڵە بەتوندی خەباتی بۆدەکات. ئایا کە پەنجا ساڵە کورد لەم بەشەی کوردستان گێدراوە بە پرۆژەی بەدیموکراسیکردن، عێراق بەبێ ئەوەی ئەم بەپێکەوە گێدانە راستیەکەی لە رووی مێژوویی یا مەنتقییەوە سەلمێندرابێ لەڕاستیدا ئەو رژێمە نادیموکراسیە فاشیەکەی بەعس بوو لە ١٩٧٠ "بەیانی"ی ئازاری (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) لەگەڵ (پ.د.ك).

وادەزانم لەکرۆکی دروشمی فیدراڵیدا سایکۆلۆژیایەکی پاشەکشەو ئینسیحابی بەدی دەکرێ، هەروەك هەمان ساکۆلۆژیا کرۆکی ئۆتۆنۆمیزمیش بووە. پرس ئەوەنیە کە کورد بۆی نەڕەخساوە بارە جیۆپۆلتیکیەکەی رێگەی نەدا داوای زیاتر بکات، بەڵکو ئەوە رۆحی ئۆتۆنۆمیزم وە پێشتریش خۆ بەکەمتر زانینەو زیاتر بەخۆ قابیلنەدیتنە کە وا زیاتر لەئۆتۆنۆمیو فیدراڵی داوانەکات.

وادەزانم ئەمڕۆ ئەوەی پێویستە لەباشوری کوردستان وەبەتایبەتی لەرۆشنایە پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانەی دروشمی فیدراڵی بۆ کوردستانو دیموکراسی بۆ عێراقو هەڵسەنگاندنی "ئەزمونی" (١٠)ساڵەی باشوری کوردستانو هەژانەکەی ١١ی سێپتەمبەرو دوا رۆژی عێراقو ناوچە بەتایبەتی بەپەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا، دەڵێم پێویستە لەسەر مێژی بڕیاری بەردەم هێزەکانی باشوری کوردستان بەجدی و بەپەلە گفتوگۆ بکرێ لەسەر داهاتووی عێراقو ناوچە وە دەرگا والا بکرێ بۆ ئەلتەر نەتیڤی تر جگە لە فیدراڵی.

ئەوەی لێرەدا قسەی بەندە دەبێ لەگەڵ والاکردنی دەرگای ئەلتەرنەتیڤی تر ئەوەیە کەخستنە رووی شتێکی زیاتر لەفیدراڵی جا کۆنفدراڵی بێت یا دەوڵەتی سەربەخۆ.

١ـ نەفسیەتێکی باوەڕ بەخۆبوونو پێویست دەکا.

٢ـ خیتابێکی بوێرانەترو لەرووتر دەخوازێ.

٣ـ خوێندنەوەیەکی نوێی رابردوو هەڵسەنگاندێکی تری ئێستاو بۆچونێکی جیاواز بەرەو داهاتوو دەخوازێ.

کاری پێکەوەیی لەچوارچێوەی کوردستانیدا بکرێ لەرۆشنایی پرۆژەی هاوبەش دیارە ئەم خاڵانە پێویستیان بەهەندێ خاوکردنەوەو ووردەکاری هەیە.

ئەوەی پێویستە بڵێم کە بەر لەئێستاش لێرەو لەوێ مەسەلەی ئینسیحاب بوونی خیتابی سیاسی جوڵاندنەوەی کورد کراوە، وە ئەوەی پێویست بووە ئەوە بووە کە ئەم خیتابە لەرووترو روونترو نەترسرتر بێت. هەڵبەتە پێویست ناکات بۆ نموونە وەکو لە ماوەی دواییدا کراوە بەرێز مەسعود بارزانی کوردستان بکات بەگۆرستان بۆ تورکەکان. جارێ خیتابی خوێنو کوشتن زوبانێکی دبلۆماسی زەرەرمەندە، کردنی خراپتر وە پاشگەز بوونەوە لێی زۆر خراپترە.

راستیەکەی بەرێز بارزانی دەتوانێ هەمان شت بڵێت بەڵام بەزمانێکی تر کە دەکرێ لەلایەن هەموو ئەکتەرە پەیوەندیدارەکان وەربگرێ بەبێ ئەوەی خاوەنی قسە (واتە بارزانی) دوای مەجبور تیایدا پاشگەز ببێتەوە.

بەرێزیان دەتوانێ بڵێ ئەمە لەمێژوودا خاکی کورد بووەو ئەمڕۆش هەرخاکی کوردە وەهەر لایەنێکیش بخوازێ چاو بڕێتە دوا رۆژی ئەم خاکە پێویستە بەر لەهەرشتێك پرس بەخاوەنی ئەم خاکە بکات. پیاو بەبێ خیتابی خوێناوی بەراشکاوی بەتورکەکان بڵێ ئەوە ئێوە بۆ بەتورکە قوبرسیەکانتان قایلن پێویستە بۆ ئێمەش ئەوەندە قایل بن.

وادەزانم کورد لەباشووری کوردستان پێویستە ئەوە داوا بکات لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە بەبێ سێو دوو دان بنێن بەمافی چارەی خۆ نووسین بەدەوڵەتی سەر بەخۆشەوە.

دەبێ کورد هەر نەبێ رێگە بەوە بگرێ کە هەرنەبێ هەندێ دەنگ لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەئاسانی بڵێن "ئێمە ناتوانین لە شاهیتڕین" واتە ناتوانین باسی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد بکەین، چونکە کورد خۆی داوای ناکات. کورد لەبری ئەوەی لەهەموو موناسەبەیەك، کە لەگەڵ عەرەب دەدوێ بەسەعات باسی (صلاح دین) ئەیوبیو ئەو خزمەتەی کە کورد کردویەتی بەفەرهەنگی عەرەبو ئیسلام، بەراشکاوی بڵێ ئێمەی کورد تەنها ئەوەندە مافە داوا دەکەین کە ئێوە وەك عەرەب بۆ فلەستینیەکان قایلن.. هەڵبەتە جێگەی داخە کە گرنگ لەوەدایە کە ئێمە نەبووین بەخاوەن خیتابی نەتەوەیی، ئەوەی هەیە خیتابی ئەم حیزبو ئەو حیزبە..

ئەوەی کە پەیوەندی بەخاڵی خوێندنەوەی رابردوو ئێستاو داهاتوو هەیە، دەتوانم بڵێم کە لەحسێبی سەرانی باشووری کوردستان شتێکی نوێ بەدی ناکرێ دیسان یەکێ لەو هۆیانەی وایکردوە کە کورد لەباشووری کوردستان نەبێتە خودی خوێندنەوەیەکی رێك و هاو ئاهەنگ عەقلیەتی بەرامبەر یەکتر خۆ بەزلزانیە جا حیزبی بێ، عەشیرەتگەری بێ یا هەرچی بێت.. خەباتی نەتەوەییو بوون بەدەوڵەت بوون عەقلیەتی نەتەوەییو کولتوری بوون بەدەوڵەت دەخوازێ دیارە دوای ١١ی سێپتەمبەری پار جگە لەهەندێ هەوڵو تەقەلا لەنێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)دا تا ئەم رۆژانەی دوایی شتێکی وانەکراوە کە کورد لەباشوور بخاتە ئاستی تەحدا و ئامادەی بکات بۆ وەڵامی پر بەپێستی ئەم تەحدایە، ئەگەر (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) دەخوازن ئەو بەیەکگەیشتنەی بەرێزان تاڵەبانیو بارزانی بکەن (٢٠٠٢/٩/٨) بەسەر چاوەیەك بۆ ئامادەکردنی جەماوەری کوردستان بۆ وەڵامی تەحداکان ئەوا بەر لەهەمووشت پێویستە بەڕەسمی داوای لێبووردن بکەن لەخەڵکی کوردستان. کورد دەخوازێ بزانێ بۆ ئەم شەڕە؟ بۆ ئەم دوو حکومەتە؟ بۆ لەتکردنی کورد بۆ دووانە "گەلۆکە"؟ لە باشووری کوردستان داوای لێبووردن کردن زیاترە لەقسەیەکی سەرزار، بەڵکو هەڵوێستێکی دیموکراسییانەیە، هەست بەلێپرسین کردنە، کردنی جەماوەرە بەشایەت، گەرانەوەیە بۆ جەماوەر وەگرنگتر لەمانە داوای لێبووردنکردن بەمانای حیسابدانەوە وەزەحمەتخستنی دووبارە بوونەوەی دوژمنکاریە.

هەڵبەتە بەشێکی ئەم خوێندنەوەیە پەیوەندی بە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی کاردانەوەی هێزە ئیقلیمیەکانە لەسالی رابردوودا.

دکتاتۆریەت وەکو تیۆریەکی یاسایی‌و سیاسی

د. کەمال سەید قادر/کۆلیژی یاسا-ڤیەنا

دیکتاتۆریەت وەکو دیاردەیەکی (نامۆ) (شاذ) لەژیانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانی گەورەو بچوك دیاردەیەکی کۆنە وەکو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان خۆیان. دیاردەی دیکتاتۆریەت وەکو دەردێکی ترسناکە (طاعون) کەوا ناوەناوە روو لەهەندێ کۆمەڵگا دەکات وە ناوەستێتە سەر شوێنێکی جوگرافی دیاری کرا یاخود گەلێك‌و دینێکی تایبەت. دیکتاتۆریەت هەردەم دەتوانێ سەرهەڵبدا ئەگەر مەرجەکانی سەرهەڵدانی پەیدا بوون. ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کەوا خۆی ئامانجی دیکتاتۆریەت گەورەترین ئازادییە کەوا دەتوانرێت بەدەستی بێنێ، ئەوەش لەئازادی سروشتییەوە لەڕاستیشدا گەورەترین ئازادی لەکتاتۆریەت هەیە، بەڵام ئازادییەکە بۆ یەك تاکە کەس ئەویش کەسی دیکتاتۆر خۆیەتی کەوا پەیوەندی نیە بەهیچ یاسایەك وە هەرچی بیەوێت دەتوانێ بیکات وە ئەمەش خەونی هەموو مرۆڤێکی دەروون نەخۆشە کەوا رقو قینە لەمرۆڤ ئامانجیەتی. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆریەت دیاردەیەکە هەبوونی لەهەموو قۆناغەکانی مێژوو بەدی دەکرێت بۆیەش بوودتە بابەتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەلایەن فەیلەسوفو نووسەرەکانەوە. ئەمانە هەڵساون بەدانانی تیۆری لەسەر دیاردەی دیکتاتۆریەت کەوا دەتوانرێ لەهەموو کات‌و شوێنێك بەکار بێن. هەندێك لەم فەیلەسوفو نووسەرانە لەسنووری رێزگرتن لەزانستی تێپەڕبوون وە پاساوی رەگەزپەرستی دێننەوە کەوا گوایە هەندێ میللەت لەبەر ترسنۆکیو نەزانی شایستەی دیکتاتۆریەتن.

یەکەم کەس کەوا تیۆریەکی رێکوپێکی زانستی لەسەر دیکتاتۆریەت دانابێ فەیلەسوفی یۆنانی بلیمەت ئەرستۆ بووە کەوا لەپەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (سیاسەت) کەوا سەدەی چوارهەمی پێش زایینی نووسراوە زۆر بەوردی دیاردەی دیکتاتۆریەت شی دەکاتەوە. زۆر لەفەیلەسوفە کلاسیکەکانی تر رێوشوێنی ئەرستۆیان گرتۆتە بەر وە خۆیان بەم دیاردەیەوە خەریك کردووە. لەوانە فەیلەسوفی فەرەنسی جان بودا (سەدەی شازدەم) کەوا لەپەرتوکەکەیدا (شەش پەرتوك لەسەر رژێمی کۆماری) ئەم دیاردەیەشی دەکاتەوە وە هەروەها فەیلەسوفی ئینگلیزی جان لوك (سەدەی شازدەم) لەپەرتوکەکەیدا (دوو لێکۆڵینەوە لەسەر حکومەت) وە دادوەرو زانای فەرەنسی مۆنتسکیو لەپەرتوکەکەیدا (لەگیانی یاساکان) (سەدەی هەژدەهەم) وە فەیلەسوفی فەرەنسی جان جاك روسو (سەدەی هەژدەهەم) لەپەرتوکە بەناوبانگەکەیدا (رێککەوتننامەی کۆمەڵایەتی). وە کاتێ باسی دیکتاتۆریەتیش بکرێت نابێ باوکی سیاسی هەموو دیکتاتۆرەکانی ئێستا لەبیر بکەین ئەویش زانای سیاسی ئیتاڵی میکیاڤیلیە کەوا لەپەرتوکە بچووکەو بەناوبانگەکەیدا (سەرەتای سەدەی شازدەم) نەسیحەتو رێنمایی پێشکەش بەدیکتاتۆرەکان دەکات.

ئەرستۆ کەوا بەمامۆستای یەکەم لەفەلسەفە ناسراوە لێکۆڵینەوەیەکی وا وردی لەسەر دیاردەی دیکتاتۆریەت پێشکەش کردووە کەوا مرۆڤ وا تێدەگات کەوا ئەرستۆ چەندەها ساڵ لەعێراق ئازاری لەدەست دیکتاتۆریەت کێشاوەو دوایی توانیویەتی رابکاتە یەکێك لەپایتەختەکانی وڵاتانی ساردو ئەم تاکو تاقیکردنەوەکانی خۆی لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆری بخاتە سەر کاغەز، بەڵکو هەندێ ئازادی لەبیر بچێتەوە وە دەرسێك بداتە هەموومان تاکو یەکسەر مرۆڤی دیکتاتۆر بناسین وە زوو هەڵنەخەڵەتێین بەقسەی قەبەو لووس‌و ماچ کردنی مناڵو دەستو پێی پیرەژن‌و پیرەمێردو لەپێش خەڵك‌و عەدەسەی کامێراکان. عێراق‌و کوردستانیش تا ئێستاش شوێنێکی بەپێت بۆ پەیدا بوونی دیکتاتۆریەت وە کەسی دیکتاتۆر مەرجە بەزمانێکی تایبەت جگە لەکوردی قسە بکات. ئێستاش لەسەرتاسەری عێراق کەسانێکی زۆر هەن کەوا خەون بەمامۆستای دیکتاتۆریان لەبەغدا دەبینن وە بەهەموو شێوەیەك لاسایی دەکەنەوە. جا با لەئێستاوە ئەمانە بناسین با بزانین فێڵ‌و تەڵەکەبازییان چین وە چ تەکنیکێك بۆ هەڵخەڵەتاندنمان بەکار دێنن.

پێناسەکردنی دیکتاتۆریەت

خۆی هەر رژێمێکی سیاسی دەتوانرێ بناسرێ بەهۆی ئەو یاسایانەی کەوا جۆری رژێمی حوکم رێك دەخات بەو مەرجەی ئەم یاسایە کاری پێ بکرێت. دیکتاتۆریەت لەلایەنی یاساییەوە بەوە دەناسرێت کەوا رژێمێکە لەدەرەوەی هەموو یاسایەك وە پێناسەکەی لەکۆنەوە بەو شێوەیە بووە کەوا (دیاردەیەکی رژێمی حوکم کردنە لەدەرەوەی هەموو یاسایەك) لەدیکتاتۆریەك تاقە کەسێك بەگوێرەی ویستی خۆی حوکم دەکات وە لێپرسراو نیە بەرامبەر هیچ کەسێك. جان جاك رۆسۆ لەم بارەیەوە دەڵێ دیکتاتۆریەت هاوسای بێ یاساییە. جان لوك لەم بارەیەوە دەڵێ: کەوا دیکتاتۆریەت رژێمێکە لەدەرەوەی هەموو یاسایەك وە دیکتاتۆر تەنها لەپێناوی بەرژەوەندی خۆی حوکم دەکات وە ویستی دیکتاتۆر جێگای یەکچاوە ئەویش بەچاوی ئەوەی کەوا هەموویان کوێلەی ئەون نەزیادو نەکەم، هەروەها دیکتاتۆر رقی لەزانیاریە وە هەر ناوچەیەك دیکتاتۆر حوکمی بکات ئەوا دەبێتە کاولگا، چونکە هیچ کەسێك باوەڕی بەدوا رۆژی نییە وە هەوڵی بۆ نادات وە مرۆڤ لەژێر دیکتاتۆریەت حەز لەدوورەپەریزی دەکات وە کۆمەڵ لەیەکترپچڕاوە.

جان جاك رۆسۆش لەم بارەیەوە دەڵێت:"دیکتاتۆر بەپێ دەکەوێتە سەر هەموو مافە سروشتییەکانی مرۆڤو مرۆڤ دەکاتە کۆیلەی خۆی، وە خۆی بەخاوەنی هەموو شتێك دەزانێ کەوا خەڵك هەیەتی وە هیچ یاسایەك ناناسێ جگە لەبەرژەوەندی خۆی وە رقی لەهەموو کەسێکی ئازادی پەرستە وە خۆشی جێگای رقو کینەی هەموو کەسێکە". تەکنیکی مانەوەی دیکتاتۆر لەسەر حوکم گەورەترین ئامانجی دیکتاتۆر مانەوەیەتی لەسەر حوکم وە بۆ ئەم ئامانجە هەموو هۆیەك بەکار دێنێت‌و ئامادەیە هەموو تەنازولاتێکیش پێشکەش بکات.

ئەرستۆ لەم بارەیەوە دەڵێت:"مانەوە لەسەر حوکم زۆر جار زەحمەتترە لەهاتنە سەر حوکم. دیکتاتۆرەکان ئەوە دەزانن بۆیە تەکنیکی جیاجیایان داهێناوە بۆ مانەوە لەسەر حوکم". ئەرستۆ دەڵێت: گەورەترین چەکی مانەوە لەسەر حوکم لەدەست دیکتاتۆر دیاغوغیەت (درۆکردن‌و هەڵخەڵەتاندن لەرێگای بەکارهێنانی وشە) وە بەدیکتاتۆر هەردەم هەوڵ دەدات گەورەترین ژمارەی خەڵك هەڵبخەڵەتێنێت، دیکتاتۆر وا خۆی پیشان دەدات کەوا مرۆڤێکی خاوەن سۆزو بەرەحمەوە زۆر بەوەفایە، بۆیە رێز لەمیوانەکان دەگرێت وە دیاری بەسەر ئەوانو هونەرمەندان دابەش دەکات. وە دیکتاتۆر دەیەوێت بەمرۆڤێکی دەستپاك بناسرێت بۆیە ناوە ناوە باسی بودجە دەوڵەت دەکات وە دەیەوێ وا بناسرێت کەوا بەرژەوەندی گشتی دەپارێزرێت. دیکتاتۆر دەزانێت، کەوا ئایین رێزی تایبەتی هەیە لەناو کۆمەڵگاکان بۆیە خۆی لای خەڵك نیشان دەدات کەوا مرۆڤێکی دیندارە وە رقی لەگوناه کردنە. دیکتاتۆر دەزانێ کەوا سزادانی خەڵك رقو کینەی زیاتریان لا دروست دەکات، بۆیە خەڵکی تر بەکاردەهێنێ بۆ سزادانی خەڵك، کەچی خۆی دیاریو خەڵات بەناو خەڵکدا دابەش دەکات، چونکە هەموو کۆمەڵگایەك لەهەژارو دەوڵەمەندیش پێکدێت ئەوا دیکتاتۆر هەوڵدەدات وا خۆی نیشان بدات کەوا دۆستی هەردوو لایانەو لەهەمان کاتدا لایەنە بەهێزەکەیان رادەکێشێتە لای خۆی بۆ سەرکوتکردنەوەی لایەنەکەی تر. دیکتاتۆر کە هەردەم لەترسی روخان دەژیت دەزانێت کەسانێك ئەو کاتە هەوڵی روخانی دەدەن ئەگەر بزانن هەلی سەرکەوتنیان هەیە، بۆیە هەوڵدەدات لای خەڵك باوەڕی وا دروست بکات کەوا روخانی مەحاڵە، جا بۆیە هەوڵی بۆ نەدرێ باشترە.

هیچ دیکتاتۆرێك ناتوانێت بەتەنیا حوکم بکات، بەڵکو پێویستی بەنۆکەر هەیە، جا لەبەر ئەوەی ئەم نۆکەرانە دیکتاتۆر بەخۆڕایی لەخۆشەویستیان بۆ دیکتاتۆر کار ناکەن، بەڵکو لەپێناوی پاداشت، ئەوا دیکتاتۆر هەردەم دەست دەگرێ بەسەر داهاتی دەوڵەت تاکو بتوانێ ئەم نۆکەرانە راگرێ. لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵەش دیکتاتۆر ناتوانێت هەموو خەڵك بکاتە کۆیلەی خۆی، جا بۆیە هەردەم تەوری لەدەستە بۆ سەرکوتکردنی هەر کەسێك سەری راستکاتەوە، یاخود باوەڕی بەخۆی هەبێ وە ئەگەرنا وایان لێدەکات رابکەن وڵات جێبهێڵن. لەبەر ئەوەی مرۆڤی لەیەك دابڕاو ناتوانن لەکۆمەڵگا کاریگەری زۆریان هەبێت دیکتاتۆر هەوڵدەدات کەوا پەیوەندی لەناو کۆمەڵ زۆر بێهێز بێت تاکو باوەڕ پێکردن لەنێوانیان دروست نەبێت، ژیانی رۆژانەو تایبەتی خەڵك دەبێ هەردەم لای رژێم ئاشکرا بێت‌و هەرچی بووترێت دەبێ لای سیخوڕەکانی رژێم ببیسترێت کەوا لەهەموو شوێنێك بڵاوبوونەتەوەو زۆر لەوانە ئافرەتن کەوا هەتاکو لەناو خێزانەکانیش کاری سیخوڕی دەکەن. بەرگری کردن دژ بەدیکتاتۆریەت هێزو توانایەکی تایبەتی دەوێ، بۆیە دیکتاتۆر هەردەم هەوڵدەدات هێزو توانای خەڵك بەشتی تر خەسار بکات وەکو خەریك کردنی لایەنێك دژی ئەوی تر یاخود خەریکیان بکات بەگیروگرفتی رۆژانە تاکو بیر لەسیاسەت نەکەنەوە. دیکتاتۆر ناتوانێت بەبێ هەڕەشەی دەرەوە بژیێت، بۆیە هەردەم لەشەڕدایە لەگەڵ هێزەکانی دەرەوە کەوا خۆی دروستی دەکات!

جان بول لەسەر نیشانەکانو تەکنیکی مانەوەی دیکتاتۆر لەسەر حوکم دەڵێت: "دیکتاتۆر هەردەم لیپرسراوانی دە